# بەجێنەمان



ئەم شیعرە : شیعری شاعیرو پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ ( فەرید زامدار)ە، لە ژمارە( یەك)ی گۆڤاری( ڕاپەڕین ) ساڵی 1983 بلاَوکراوەتەوە،کە بلاَوکراوەیەك بوو مەڵبەندی سێی ( ی.ن.ك ) لە شاخ دەریدەکرد .

خزینی شەوگارەکانی ئێرە
لە بەیانیە ڕەشەکاندا
بۆ پێیە ڕەوێشتووەکانم دێنەوە

فەرید زامدار

پیشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدان :جەمیل
ڕنجبەر و خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر

لە ڕابردوو بە هێز تر بوون
بەلا شانی هەر تیشکێکی خۆری هیوا
بڵند دەبوون و هەڵدەچوون
جارێك مۆم و
جارێك ڕۆژ و
جارێك چرا

فەرید زامدار

بە ڕووی تاریکی لە مێژینەی
ئەو هەوارە بریندارە
گڕتان دەگرت و هەڵدەبوون
هەر ئێوە بوون
ڕەنگتان دەبوو بە کۆمەڵێ خەمی یاخی و
بێ دەنگ نەبوون
چاوتان دەبوو
بە کۆمەڵی تیشکی سپی
دڵی زیندووی
ڕۆژوشەو بوون
هەر ئێوە بوون بێ چاوی خۆر
بۆ تارمایی شەوگار دەچوون
ڕەنگتان ڕەنگی ئازادی بوو
چاوی ئەو ڕێگایانە بوون



برینەکانی
ئەو خاکەتان پێ دەبینی
بوون بە سیمای
بیری پێشەنگ
بە ڕۆشنایی بەردی سەنگەر
بوون بە ڕەشماڵی وشەی شەنگ
بوون بە هەڵگری
پەیامی کوردستانی بێ ڕێ و سەفەر
لەمێژ نیە
چیرۆکی چەند بەهارێکە
ڕۆژگارێکی درێژ نیە
مێژووی هەتاوێکی نوێیە
باڵای تفەنگ و

خوێن و گوللە و
شەوی وڵات
چەند بکشایە ناخی ڕۆژگار
ئێوە دوورتر دەڕۆیشتن
بەرەو هەوراز
بەرەوبەرزی و سەخترین کێوی ئاوات
خاکێك لەسەر شان و پشتی خوێندا نەنوێ
گوڵی نەمری و
یاخی بوونیش لەسەر سینگی شەهید ناڕوێ

1980
هەولێر